هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الـوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٥٨) لە ٢٠٢٠/٦/٣

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمـوارکراو، و لەبەر ڕۆشـنایی کۆنووسـی کۆبـوونەوەی ئاسـایی ئەنجـومەنی وەزیـران ژمـارە (٢٩) لە ٢٠٢٠/٦/٣، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. دەستنیشانکردنی بەڕێز سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم وەک نوێنەری هەرێمی کوردستان لە دایەلـۆگی ڕێککەوتننامەی چوارچێوەی ستراتیجی نێوان کۆماری عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

٢. ڕاسپاردنی سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ هاوکاری و هەماهەنگی بەڕێز سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ مەبەستەکانی ئەم بڕیارە و بەڕێزیان بە ڕاپۆرتی دەوری ئەنجومەنی وەزیران لە بەرەوپێشچوونەکانی ئەم دایەلۆگە ئاگادار دەکاتەوە.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران